# حەیران

### سەرچاوە:سایتی کاک هیدی

### وتوویژ دەگەڵ عەلی خزری

هێدی: ڕەسووڵ نادری دە وتوویژێکی دا دەڵێ: "حەیران هی دەشتی هەولێر نییە، بەڵکوو لە موکریان ڕا سەری هەڵداوە، ئەویش لە لایەن ژنانەوە گوتراوە و هی پیاوان نییە. حەیران شتێکی ژنانەیە.(١)". پێموایە ئەو وتانە لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ هەڵدەگرن و ناکرێ خێرا بە سەریاندا تێپەڕین. وەک شارەزایەکی ئەو بوارە حەز دەکەم بۆچوونی خۆتم لە سەر وتەکانی ڕەسووڵ نادری بۆ دەربڕی. ئەو وتانە هیچ بنەمایەکی پتەویان هەیە؟

**عەلی خزری:** ئەوە کە حەیران تایبەت بە دەشتی هەولێر یان ناوچەی موکریان بێ، وەک وەی وایە بڵێین کارەساتەکان هەر لەو دوو ناوچەیە دەقەومێن. من لام وایە حەیران وەک کارەساتێک دەکرێ لە هەموو شوێنێک بقەومێ، بەڵام هەوا و شێوەی چرین بە ناوچە و هێندیک تایبەتمەندیی ناوچەوە، ئاڵ و گۆڕێکی وای بەسەر دادێ کە لە شوێنێک پێی بگوترێ لاوک، لە جێیەک پێی بڵێن حەیران، لە هەرێمێک بە هۆرە ناوبانگی دەربکا و لە لایەک بە مووری ناو بەرن. ئەوانە هەموویان لە ناوەڕۆک دا یەکن بەڵام لە مۆسیقا دا هێندێک جیاوازییان هەیە کە ئەوەش شتێکی سروشتییە، چونکە ئەو جیاوازییە لە زاراوە، جل و بەرگ و هێندێک داب و نەریتی ناوچەیی و تەنانەت دین و ئایینیش دا لە ناوچە جۆربەجۆرەکاندا وەبەرچاو دێ. ئەگەر پروانینە خەریتە و نەخشەی گشتیی کوردستان دەبینین لە ناو ئەو بەشە لە کوردستان کە بە زاراوەی کرمانجی دەدوێن لاوک و لاوژەمان هەیە، لە ناوەندی کوردستان حەیران، لە خوارووی کوردستان هۆرە و موور. لەناو بادینییان دا هۆرە نابینی، هەروەک لەناو جافاندا لاوک و لاوژە ڕەمێنی نییە و حەیران ناناسن، لەناوچەی موکریان لە موور ناگەن .هێندێک تایبەتمەندیی تریش هەن، وەک: بۆچ لەو ناوە دا، بۆ وێنە لەناوچەی سولەیمانی کە لە ناوەندی کوردستان هەڵکەوتووە، حەیران ئەو ڕەمێنەی نییە، یان لە مەڵبەندی ئەردەڵان ئەو بابەتە تا ڕادەیەک کەم ڕەنگە، دەگەڕێتەوە سەر هێندێک هۆی سیاسی و تایبەتمەندیی ناوچەیی کە ڕەنگە لە گەڵ کەش و هەوای ئەو وتووێژە یەک نەگرنەوە و پێویستیان بە لێدوانێکی تر بێ. دەتوانین بڵێین حەیران و لاوک و هۆرە و موور و... لە چوارچێوە دا یەکن. کارەساتێک قەوماوە، ڕوداوێک ڕووی داوە، داد و هاوارێکە لە دەست زوڵمی زاڵم، جەفای یار و مەرگی دڵدار و دووریی لە نیشتمان، یان تاسە و ئارەزوویەکە، تاسەبار و دەستکورتێک، وەک کوڵ و کۆ هەڵیدەڕێژێ. ناتوانین بڵێین ئەو شتانە هەر لە دەشتی هەولێر بەدی دەکرێن یان تەنیا لە ناوچەی موکریان پێکدێن. دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێ کە حەیران هی سەردەمێکە کە ئەو ناوچە لەیەک هەڵپەرتراوانە یەک بوون، یان ئەو سنوورە ناو دەوڵەتانەیان لە نێواندا نەبووە و گەورەیی و چووکی

و گرینگیی کارەسات، سنووری بڵاوبوونەوەی ئەو بابەتانەی دیاری کردووە. حەیران و لاوک و هۆرە و مووری هەر ناوچەیەکیش دروشم و نیشانەی ناوچەی خۆی پێوەیە و سەیریش نییە حەیرانێک یان شوێنەوارێکی ئەدەبی زارەکی ناوچەیەک، بە هۆی جوانی و پوختی داڕژتن و سەرنجڕاکێش بوونی ناوەرۆکەوە لە ناوچەکانی تریش هەر بە شەقڵ و مۆری شوێنی خوڵقانی، بگوترێنەوە. ئەو شەقڵ و مۆرەش نایێتە بەڵگەیەکی جێی متمانە بۆ ئەوەی کە بڵێین هەرچی حەیران یان لاوک و... یە تایبەت بە فڵان ناوچە و مەڵبەندە. بەشی دووهەمی پرسیارەکە، ئەوە کە کاک ڕەسووی نادری کوتوویەتی حەیران هەر لە لایەن ژنانەوە گوتراوە و لەو سەیرتر حەیران کوتن کاری پیاوان نەبووە، وەک نەقڵە خۆشەکانی ئەو بەڕێزە، دەبێ زۆرتر جەفەنگ بێ هەتا بۆچوونێکی تەواو ئەقڵ پەسند. ڕەنگە بووبن، یان ئێستاش هەبن ژنانێک حەیران بڵێن کە دڵنیام لە چوار پارچەی کوردستان ڕادەیان ناگاتە دە کەس، بەڵام کەس هەتا ئێستا نە شتی وای کوتووە، نە شتی وای بیستووە، کاک ڕەسوو بە پشتیوانیی کام سەرچاوە و کام نموونە و بنەما ئەو قسەیە دەکا؟ با وڵامی ئەو جەفەنگەی کاک ڕەسوو بە جەفەنگێک بدەمەوە. دەڵین دوو کەس پێکەوە دانیشتبوون ترێیان دەخوارد، یەکیان ڕوانی ئەویتر زاری زۆر زلە و هێشووەکان هەر بە ساغی هەڵدەگرێ و هەڵیدێنێ و زاری بۆ دادەپچڕێ و بە خڕی ڕۆی دەهێڵێتە خوارێ و وەک ڕێوی هەر چێوکەکانی دەداتەوە دەر. تووڕە دەبێ و دەڵێ کوا ترێ خواردن وا دەبێ؟ دەنکە دەنکە بیخۆ! کابرا لە کاتێکدا هێشوویەکی گەورەتری هەڵدەگرت و خەریک بوو زاری بۆ دادەپچڕی، وڵام دەداتەوە: ئەوەی ئەتوو دەڵێی هەرمێیە هەرمێ!

ئەوەی کاک ڕەسوو دەیڵێ باللۆرەیە، حێ بووکێ‌یە، هەی تەختە تەختەیە، هەوای مەشکەژاندن، مانگالاواندنەوەیە، لایەلایەی مناڵ و شینی مردوو و... یە، نەک حەیران. لە ڕابردوو دا، کە کاک ڕەسوو باسی دەکا، هەر کەیخودا و پیاوی بەتەمەن حەیرانیان دەکوت. حاجی سمایلی کاکەلاو پاش چوونە حەجیش حەیرانی دەکوت و لەو کەش و هەوای سی چل ساڵ لەمەوبەریش کەس لێی بە ئیراد نەدەگرت، لە کاتێکدا هیچ پیاوێک بەدی ناکەی باللۆرە یان هەوای مانگالاواندنەوەی، کە تایبەت بە ژنانە، کوتبێتەوە، یان وەک شتێکی پیاوانە بیڵێتەوە. تەمەنی کاک ڕەسوو ئەو ئیزنە دەدا وەبیری بێتەوە ئەو کاتی کە گەنج بوو لە هەموو کۆڕی دیوەخان و مەجلیساندا ئەوە پیاوە بەتەمەنەکان بوون وەک کارێکی پیاوانەی وێچوو حەیرانیان دەکوت و وردەقام و گۆرانییان بە بابەتی گەنج و لاو و دمڕووتان دەزانی. کاک ڕەسوو هەر لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەڵێ لە فڵان ئاوایی تووشی پیرێژنێک بووم کە وا دیار بوو قەدیم حەزی لە بابم کردبوو! لێم تووڕە بوو کە بۆچ بوومەتە شایەر و قامان دەڵێم و ئەو کارە لە بنەماڵەی من ناوەشێتەوە. ڕەنگە کەس وەک کاک ڕەسوو نەتوانێ هەر لە ناوچە و ئاوایی و کوێرەدێیەکانی لانی کەم مەڵبەندی موکریان، ناوی دەیان حەیرانبێژی بە ناوبانگ دیاری بکا، بەڵام داخوا دەتوانێ ناوی چوار ژنی حەیرانبێژ بەرێ کە جگە لە خۆی کەسی تر بیانناسێ؟ لە کوردستانی گەرمێن کە زیاتر لە بەشی کوێستان، کاریان لەسەر ئەو بابەتانە کردووە، بۆچ هەتا ئەورۆ کەس شتێکی وەهای بە مێشک دا نەهاتووە و کاک ڕەسوو لەسەر کام بنەما وەها شتێک دەڵێ؟ ڕەنگە ئەوە کە لە حەیران دا دەڵێن: "ئەوە

کیژ دەڵێ..." کاک ڕەسووی هێنایێتە سەر ئەو باوەڕە کە حەیران بابەتێکی ژنانە بێ .منیش لام وایە حەیران خۆش بوو ژن کوتبای، بەڵام ژنی کورد هەرچەند لەچاو ژنانی نەتەوە هاوسێیەکان سەربەستیی زیاتر بووە، بەڵام هیچکات ئەو سەربەستییە نەگەیوەتە ئەو ڕادەیە کە لە مۆسیقا دا چالاکیی هەبێ. ئەگەر کوڵ و کۆیەکی لە دەروونڎا بووبێ، بە بیانووی لاواندنەوەی منداڵ، ئەگەر ویستوویەتی ڕەخنە بگرێ و ڕق و کین پرژێ بە بالۆرە و ئەگەر ویستوویەتی بە ڕیتم دەروونی لە گرفتەکانی ڕوحیی پاک بکاتەوە، بە ئاهەنگی مەشکەژاندن سوکنایی هاتووەتێ. ژنی کورد زگماک هۆنەر بووە. ئەوەی ئەو لە لایەلایە و بالۆرە و مەشکەژاندن و شینگێڕیی مردوو و... دا وەک هۆنراوە خوڵقاندوویەتی، لە باری ناوەرۆک و جوانیناسییەوە بێ وێنەیە و پیاوی کورد، لە کاری مۆسیقا دا، ئەو سوژە و دیالێکتانەی لە ژن وەرگرتووە و ئەوە کە لە حەیراندا لە زمان کیژەوە دەگوترێ، ئەمانەتدارییەکە لە لایەن پیاوەوە. ئەگینا ژن، ئەویش ڕاستەوخۆ، کەی ئەو دەرفەتەی بووە کە توانایییەکانی خۆی لە مۆسیقا دا، ئەویش لە سەردەمێکدا کە تەنانەت بۆ پیاویش گۆرانی گوتن بە کارێکی سووک داندراوە، بهێنێتە مەیدانەوە؟

هێدی: تا ئێستا ئەوەندەی لە سەر "بەیت" نووسراوە، لە سەر "حەیران "نەنووسراوە. چۆنە "بەیت" زیاتر لە "حەیران" ئاوری وێدراوەتەوە؟

**عەلی خزری:** هۆیەکەی جیاوازییەکە کە بەیت و حەیران هەیانە. لە کار لە بەیت دا، لێکۆڵەر و توێژەر هێندێک سەرە هەودای بە دەستەوە کە بزانێ لە کام شوێنەوە دەست پێ بکا و کاری چییە و دەبێ چ بکا، بەڵام لە حەیران دا ئەو سەرە هەودایانە زۆر بە زەحمەت دەبیندرێنەوە و ئەگەریش دیترانەوە هێند کورتن زوو دەگەنە گرێپووچکە. زانیارییەکان کوت کوت و پرتک پرتکن و لە خستنەوە سەر یەکدا، ئاڵۆزی و سەرشێواوی بەدی دەهێنن. بەیت بەسەرهاتێکە، ڕووداوێکە، بە چوارچێوەیەکی دیاریکراو، هێندێک کاراکتێری ناسراوی کۆمەڵایەتی و کەش و هەوای کولتووری و ناوی کەسایەتی و شوێن و ناوچە و هەرێم، لەبەر ڕووناکی ئەو بەڵگانە و بە یارمەتی ئەو زانیارییانە دۆزینەوەی کات و زەمان و سەردەم ئاسانە، بەڵام لە حەیران دا ئەو توانایییە نییە. سەرەڕای ئەو مەبەستە، مەیدانی کاری توێژینەوە لەسەر بەیت گەلێک هەراوتر لە حەیرانە، سەبارەت بە هێندێک فاکت و بابەتی ئەدەبی یان کۆمەڵناسی دەکرێ بچییە سوێی حەیران، لە کاتێکدا هەر لکێک لە ئەدەب و هونەر و... دەتوانێ بەشی خۆی لە بەیت دا بە ئاسانی بدۆزێتەوە. هەر بەم هۆیەوە مەیل بۆ کار لەسەر بەیت زۆرترە هەتا حەیران. دووهەم بۆی هەیە حەیران تاریف نەکرابێ و زۆر کەس نەزانێ حەیران چییە و هەر بەم هۆیەوە نەزانێ دەبێ لە چی بگەڕێ؟ باشە ئەگەر حەیران بەیت یان بەشێک لە بەیت نەبێ، وردەقام و گۆرانی نەبێ، ئەدی دەبێ چ بێ؟ بەداخەوە ئەو بەڵایە داوێنی ئایشێ گوڵ و سوارۆ و گوڵێ جوان و گەلۆ و ئازیزە و پاییزە و ...یشی گرتووە و هەر تەنیا ئەوەندە دەگوترێ ئەوانە(؟) باس لە دڵداری و دین و ئایین و جوانیی سروشت دەکەن و پرایەوە، لە کاتێکدا ئەوە پرسیارێکی گرینگە؛ ئەو مەبەستانە ئەگەر قالبی داستانیان هەبا، بە شێوەی بەیت یان وردەقام، زۆر ئاخربەخێرتر دەبوون هەتا ئەو دەعبایانەی کە کەس نازانێ لە چ تۆو و تۆم و تۆرەمەیەکن و بەری چ دارێکن. بەداخەوە سەرچاوەکانیش نەک تەنیا ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ وشکتر دەبن و لە

کەمی دەدەن، بەڵکە تەنانەت ڕاستەقینەکانی ئێستا و سی چل ساڵەی ڕابردوش هەر لە گۆترە ئاڵۆز دەکرێن( وەک بۆچوونی کاک ڕەسووی نادری.

هەر لە دنیای پێشکەوتووی ئەوڕۆشدا کاتێک کارەساتێک دەقەومێ، چەند تایبەتمەندیی شوێن و پانتایی و بەربڵاویی دەنگدانەوە و ڕادەی شوێنگری ئەو کارەساتە دیاری دەکەن. لە کاتێکدا بە پێی مافی مرۆڤ و دەنگۆیەکی کە هەیە ئادەمیزادەکان بە هەر ڕەگەز و ڕەنگ و دین و ئایین و زمانێک، یاسایەکی هاوبەش بە چاوێک تەماشایان دەکا، هەر ڕۆژ هەزاران ڕووداو دەقەومێ، هەزاران ئینسان بە هەزاران هۆی بە حەق و ناحەق دەکوژرێن و لە ناو دەچن؛ لە هیچ شوێنێک کەس باسیان ناکا، بەڵام کارەساتێکی زۆر چووک، یان بریندار بوون یان نەخۆشیی کەسێکی بەناوبانگ، دنیا بۆی لە دەهۆڵ دەدا و دەبێتە بنێشتەخۆشکەی ڕادیۆ و تەلەویزیۆن و هەواڵنێرییەکانی سەراسەری دونیا. کاتێک شتێک دەقەومێ و بڕیارە ببێتە هەواڵ پێویستە چەند پرسیار وڵامی ڕوون و ئاشکرایان هەبێ، یان بۆی دروست بکرێ. چی؟ کەی؟ بۆ؟ لەکوێ؟ بە هۆی چ کەس یان کەسانێکەوە؟ بۆ پارازتنی چ سوود و بەرژەوەندییەک؟ سوود و زیانی کورت خایەن و درێژخایەنی ئەو کارە چییە؟ بە سوودی کام لایەن و بە زیانی کام لایەن تەواو دەبێ؟ چ هێزێکی خاوەن دەسەڵات بەرژەوەندیی لەم کارەساتە دا پارێزراوە یان کەوتووەتە مەترسییەوە؟ و ...زۆر شتی تریش کە پێوەندییان بەم باسەوە نییە. کە دەڕوانینە بەیتەکان، لە چوارچێوەی بنەمای بەسەرهات یان لانی کەم لە بەگڕاندی ڕووداو و نیسێی کارەساتدا، هێز و دەسەڵاتی سیاسی، زۆر بە زەقی دەبینی هێز و دەسەڵاتێک کە لە سەردەمی بەدیهاتنی ئەو کارەساتە دا، دەسەڵاتێکی ئاسایی نەبووە، دەسەڵاتێکی خوایی بووە، دەسەڵاتدار پەرژینێکی مێتافیزیکی لە دەورە بووە، پاڵپشتی خوڵقانی ئەم پەندە کۆنەی کوردی کە دەڵێ: دەستێک کە نەتوانی بیبڕی دەبێ ماچی بکەی! هەزاران هەزار تەجروبە و ئەزموونی تاڵ و دڵتەزێنە کە بۆ ئادەمیزادی ئەوڕۆیی تەنانەت لە خەیاڵیشدا ناگونجێ. ئەو دەسەڵاتە ئەوەندە سێبەری لەسەر ژیانی خەڵک قورس و دیار بووە کە کایەکان بوونە کێو و ڕووداوە ئاسایی و چووکەکان بوون بە ئەفسانە و حیماسە. مەبەستم ئەوە نییە لە نرخ و بایخی بەیتەکان کەم بکەمەوە، نا، بەڵام دڵنیام زۆرجار ئەو ئازایەتی و قارەمانەتییانە بە دنە و هیزی دەسەڵاتدارەکان شاخ و باڵیان دراوەتێ، عەلی بەردەشانی لە دیوەخانی ئاورەحمان پاشای بابان بێ ئەوەی هیچ دەو و دوویەک بدا کە ئەو کات وەک نوێژی عابد فەڕزی دینی بووە، باشترین داهاتی بووە و بەشێک بووە لە دەسەڵات و دەسەڵاتدار نازی کێشاوە. ئاشکرایە ئەو نازکێشانە سەبارەت بە ئەدەبدۆستیی پاشا نەبووە بەڵکە بۆ زلکردنەوەی کارە چووکەکان و شاکارنواندنی کارە ئاساییەکان بووە. بەیتەکان بە باش و خەراپ و ڕووی جوان و دزێویانەوە بەشێکی زۆر گرینگن لە مێژووی ڕابردوومان، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە ئێمە لە جەستەپشکنیی ئەو بابەتانە دا ڕاستەقینەکان هەرچەند تاڵیش بن نەبینین. لەو جەستەپشکنینە دا زۆر دەسەڵاتدارمان وەبەرچاو دەکەون کە ڕێزیان بۆ خەڵک داناوە و خۆشەویستی خەڵکیش بوون.

به ڕوای من بەیت و بابەتەکانی تری وەک حەیران و لاوک و لاوژە و... (وەک مانا و ناوەرۆکێکی شاراوە) هەموو هەر یەکن و هەموو هەر بەیتن! بەڵام هەر وەک ئاماژەی پێ کرا لە دوو بەرەی دەسەڵاتدار و بێدەسەڵاتدا هەڵکەوتوون. بەیت دەسەڵاتی لە پشت بووە، بژار کراوە، چاوەدێری کراوە، خزمەت کراوە، بە باشترین شێوە بە هۆی وەستای لێزان و شارەزا ڕازاوەتەوە، بەڵام حەیران و هێندێک بابەتی تر بەرهەمی بێدەسەڵات بوون؛ ناوەرۆک ڕەمزاوییە، زمان زمانی ئاماژە و ئیشارەیە، کچەتیوحەیران دەکرێ نازناوی گراوێی چڕگەر و بیسەری هەمووی ئەو بابەتانە بێ، هەر بۆیەش کار لەسەر ئەو بابەتانە کارێکی گرانە و ئەگەریش ماون بە هۆی سۆز و کوڵ و کۆ ڕژتنێکی لە دڵەوە بووە کە خوڵقێنەرانیان کردوویانەتە هەوێنی کارەکەیان. خوڵقێنەری بەیت سەدان دۆسییە و بەڵگە و تاوی ئەسپی بەلاشی خەیاڵی لەبەر دەست دا بووە و چونکە پشتیشی بە دەسەڵات گەرم بووە هیچ شەرمێکی لە کەس و هیچ ترسێکی لە مەلا و شێخ نەبووە، بەڵام خەڵکی ئاسایی لە خوڵقاندنی ئەدەبی زارەکی خۆشیاندا سەدان کۆسپ و هێڵ و سنووریان بەرهەڵست بووە. لە پشت هەرکام لەو شوێنەوارانە، وەک بەیت، ڕووداو و کارەساتێکی خۆش یان ناخۆش ئەبیندرێ. ئایشێ گوڵ بە یارەخۆشەویستەکەی خۆی هەڵدەڵێ کە کوژراوە و لەسەر بەردی تاتەشۆرێ درێژ کراوە، سوارۆ لە مەیدانی شەڕ کەوتووە و لە گۆمیلکەگۆمیلکەی خوێندا دەگەوزێ و کەس نییە قومێکی ئاو بە گەروو دابکا و ...لە پشت تەواوی ئەو سۆز و کوڵ و ناڵە و لاواندنەوانە دا، سێبەری بەسەرهاتی دڵتەزێن یان ئەوینی پاک و خاوێن خۆی حاشار داوە کە دۆزینەوەیان گەلێک زەحمەتە.

---

:(1)بەشی "ئەدەب و هونەر"ی "کوردستان"، ژمارە ٣٧٤ ، ١٥ی ڕەزبەری ١٣٨٢(٧ ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٣)، لاپەڕە ٦